السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# چل سیفەت هەیە: باشترینیان پێدانی بزنێک بۆ دۆشین، وهەرکەسێک کردەوە بکات بە هەریەکێک لەو سیفەتانە، هیوای پاداشت بێت وباوەڕی هەبێت بەوەی پاداشتەکەی پێدەبەخشرێت؛ ئەوا خوای گەورە دەیکاتە بەهەشتەوە

لە ئەبی موحەمەد عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «چل سیفەت هەیە: باشترینیان پێدانی* بزنێک بۆ دۆشین، وهەرکەسێک کردەوە بکات بە هەریەکێک لەو سیفەتانە، هیوای پاداشت بێت وباوەڕی هەبێت بەوەی پاداشتەکەی پێدەبەخشرێت؛ ئەوا خوای گەورە دەیکاتە بەهەشتەوە». *(پێدانی: مەبەست ئەوەیە بزنەکە بدات بە کەسێک کە سوودی لێوەربگرێت لە شیرەکەی یان هەرشتێکی تری وپاشان بۆی بگەڕێنێتەوە بە بێ ئەوەی هیچی لێوەربگرێت لە بەرامبەر ئەو دۆشین وسوود وەرگرتنەدا)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هانی ئومەتەکەی دا بۆ چاکەکاری کردن بەرامبەر بە خەڵکی وچەند شێوەیەکی چاکەکاری دیاریکراو هەیە کە چل شێوە دەبن، وشێوەکانی تری باس نەکرد بەڵام باشترینیانی باسکرد کە بریتیە لەوەی مرۆڤ مەڕوماڵاتی هەبێت وبۆ ماوەیەک پەزێک یان زیاتر بدات بە هەژارێک یان کەسێک پێویستی هەبێت بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرێت وپاش بەکارهێنانی بۆ خاوەنەکەی بیگەڕێنێتەوە، ئەم نمونە بۆ ئەوەیە کە تێبگەین کە ئەم کردەوانە زۆرن وکردەوەی ئاسانن وقورس نین، بۆ ئەوەی خەڵکی کێبڕکێ بکەن لە کردەوە چاکەکاندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3558

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee